# فڕۆكەی بێ فڕۆكەوان دروست دەكرێن و بۆ شەڕ ئامادە دەكرێن

هەفتەی ڕابردوو بەرپرسێكی گەورەی سەربازی ئەمریكا ئاشكرای كرد كە فڕۆكەی شەڕكەری بێ فڕۆكەوانی موشەكهاوێژ ئامادەكراون و لە داهاتووشدا بۆ شەڕەكان دەست بەكار دەبن، ئەمەش داهاتووی فڕۆكەوانی ئەمریكا بەرەو ئاستێكی چاوەڕوان نەكراو دەبات.

ئەمیرال مایك مۆلن سەرۆكی دەستەی ئەركانی هاوبەشی سوپای ئەمریكا لەبەردەم ئەنجومەنی پیراندا ڕایگەیاند كە: 'ئێستا ئێمە لە قۆناغی گواستنەوەداین سەبارەت بە كاركردن لەگەڵ داهاتووی فڕۆكەوانی، بە فڕۆكەوان یان بێ فڕۆكەوان'

سەبارەت بە وەڵامی پرسیارێك بۆ پێشخستنی موشەكی نوێ، ئەو گوتی: لەو باوەڕەدام كە ئێمە لە سەرەتای ئەم گۆڕانەداین'

ئەو لەدرێژەی قسەكانیدا ڕایگەیاند كە بەكارهێنانی فڕۆكەی بێ فڕۆكەوان لە ساڵانی ڕابردوودا بە شێوەیەكی بەرفراوان زیادی كردووە.

لەلایەكی دیكەشەوە، ڕۆبەرت گەیتس، وەزیری بەرگری ئەمریكا، لەهەمان كۆبوونەوەی ئەنجومەنی پیراندا ڕایگەیاند كە نەخشەدارێژەران دەتوانن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە كە ئایا فڕۆكە جەنگیەكان بە فڕۆكەوان یان بێ فڕۆكەوان كار دەكەن.

مایك مۆلن لەبەردەم لیژنەی خزمەتگوزاری سەربازی سەر بە ئەنجومەنی پیراندا ڕایگەیاند كە فڕۆكە نوێكانی جەنگیەكانی تەنیا جۆینت سترایك فایتەر كە لۆكهید



له كاتێكدا كه باس له ئارامی و ئاشتی و جیهانێكی بێشه‌ڕ ده‌كرێ، كێبه‌ركێ له‌سه‌ر به‌رهه‌مهێنانی فڕۆكه‌ی جه‌نگی بێ فڕۆكه‌وان چڕتر ده‌بێته‌وه‌، ئه‌مه‌ش خۆی له‌خۆیدا بانگه‌شه‌ی ئاشتی جیهانی و گه‌ردونێكی بێ چه‌كی كۆكۆژ پوچه‌ڵ ده‌كاته‌وه‌، به‌وهۆیه‌شه‌وه‌ جیهانیان دووچاری ترس و دڵه‌ راوكێ و نیگه‌رانی ده‌بن.

مارتن دایهێناوە دوایین فڕۆكەی جەنگیە كە فڕۆكەوانی دەبێ، پێش گواستنەوەی بۆ فڕۆكەوانی ئامرازی.

سەبارەت بە فڕۆكەی ئێف 35ی نوێ كە پێشخراوە گوتی: ' فڕۆكەی جەی ئێس ئێف دوایین فڕۆكەی دەبێ كە لەگەڵ فڕۆكەوان كار بكات، دەنا ئەوانی دواتر هەموویان پێویستیان بە فڕۆكەوان نیە. ئەو جۆرە فڕۆكانەش بۆ ئاژانسەكانی سەربازی و سیخوڕی بەكار دەهێنرێن.

هەڵبەت فڕۆكەكان بچووك و گەورەیان هەیە، هەیانە یەك مەترە، هەشیانە وەكو گلۆباڵ هۆك كە پانی باڵەكانی 35 مەترەو لەساڵی 2010 دەست بەكار دەبن.

هەرچەندە كە ڕۆبەرت گەیتس باسی لە فراوانكردنی فڕۆكەی جەنگی ئێف 22 كرد، بەڵام تێچووی پرۆژەكە لە ساڵی 2010 پێویستی بە پارەی زیاتر دەبێ، بەتایبەتیش فڕۆكەكانی لە جۆری بریداتۆر و ڕێبەر.

هەرچەندە كە بەرپرسانی ئەمریكا دەزانن كە بۆ چاودێری لە ئەفغانستان و عێراق پێویستیان بە ملیاران دۆلار هەیە، بەڵام دیسانیشەوە جەخت لەسەر فڕۆكەی بێ فڕۆكەوان دەكەنەوە كە تێچووی زیاتری دەوێ.

ڕۆبەرت گەیتس جەختی كردۆتەوە كە ساڵانە هەوڵ دەدەن 48 فڕۆكەی ڕێبەر دروست بكەن.

لە كاتێكدا كە كاربەدەستانی ئەمریكا باس لە ئارامی و ئاشتەوایی و جیهانێكی بێشەڕ دەكەن كەچی هەوڵی بەرهەمهێنانی فڕۆكەی جەنگی بێ فڕۆكەوان دەدەن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا لەگەڵ ئەو بانگەشانە ناگونجێ و جیهانیان دووچاری ترس و دڵە ڕاوكێ دەكات.

بەرهەمهێنانی فڕۆكەی بێ فڕۆكەوان خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەكە بۆ ئەو شەڕانەی كە لە داهاتوودا ئەمریكا دژ بە وڵاتانی دیكە بەڕێوەی دەبات، ئەمەش وڵاتانی وەك سین، ڕوسیا، هندستان، كۆریای باكور، ئێران، كوبا و فەنزویلا نیگەران دەكات و هانیان دەدات تا بیر لە بەرگری بكەنەوەو چەكی نوێ و تەكنەلۆژیای نوێ بەدەست بهێنن، هەر لەو بارەیەوە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە كە لە ساڵانی داهاتوودا چەندین وڵات دەستیان بە چەكی ناوكی ڕادەگات و دەبن بە وڵاتانی ئەتۆمی، بەوهۆیەشەوە شوێن پێی ئاسایش و ئارامی جیهان بەرتەسك دەبێتەوە.

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناقین یەكێكە لەناوچە پڕ كە كێشەكانی جیهان، هێشتا كێشەو گرفتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل یەكلایی نەبۆتەوە، بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆكوەزیرانی ئیسرائیل باس لە هاوپەیمانێتی نێوان ئیسرائیل و عەرەب دژ بە ئێران دەكات، ئەمە جگە لەو هەڕەشانەی كە توركیا لە وڵاتانی عەرەبی دەیكات.

جێگەی داخبارییە كە ئێمەی كوردستانی هێندە لە كاروانی پێشكەوتن وەدوا كەوتووین و هێشتا ئەو فێرخوازە كوردانەی كە دەیانەوێ ببنە فڕۆكەوان خوێندنیان تەواو نەكردوە، كەچی باس لە بەرهەمهێنانی فڕۆكەی بێ فڕۆكەوان دەكرێ، واتە قۆناغی مرۆڤی فڕۆكەوان بەبنبەست دەگات لەو پێوەندەدا دەكرێ بپرسین كە ئێمەی كوردستانی چەندە بێماف و دواكەوتووین، ئەگەر نەوەی نوێ بەراكردنەوە بەرەو گۆڕانكاری نەڕوات، لە كاروانی پێشكەوتنی مرۆڤایەتی بەجێ دەمێنین.

**ئاكۆ مەجید**

# سەرهەڵگرتووان ڕەوانەی وڵاتەكانیان دەكرێنەوە



سەرچاوەكانی هەواڵ لەماوەی ڕابردوودا ئاشكرایان كرد كە حكومەتی فنلاندو دانمارك بڕیاریان داوە كە پەنابەرانی عێراقی دیپۆرت بكنەوە.

هەفتەی ڕابردوو، ئاژانسی فرانس پرێس لەزاری بێرس ڕۆین هۆرنبێچ، وەزیری كۆچی دانیماركەوە بڵاویكردبۆوە كە حكومەتی دانمارك و عێراق دوای دانوستاندنێكی چڕوپڕ ڕێككەوتوون تا پەنابەرە عێراقیەكان لە ڕێگەی فڕۆكەوە ڕەوانەی بەغداد بكرێنەوە. لەلایەكی دیكەشەوە ڕۆژی 8.5.2009 بەڕێوبەرایەتی كاروباری كۆچبەران و حكومەتی فینلەندا بڕیاری بەزۆر ناردنەوەی سەرجەم پەنابەرانی عێراقی ڕاگەیاند كە ژمارەیان 1500 كەسە و تا ئێستا مافی پەنابەریان پێنەدراوە.

بە پێی بڕیارەكەی بەڕێوەبەرێتی كۆچبەران بە زووترین كات ئەو كەسانە ڕەوانەی وڵاتەكەیان دەكرێنەوە كە ڕەوشی ئاسایشی وڵاتەكەیان باشترە بووە. ئەمەش واتای ئەوەیە كە ڕێوشوێن و مەرجی پێدانی مافی مانەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ قورستر دەكرێتەوە، هەموو ئەو پەنابەرانی كە داواكەیان ڕەت كراوەتەوەو مافی پەنابەری و مانەوەیان پێنەدراوە، دەبێ دیپۆرت بكرێتەوە. هەروەها پێشتر هەواڵەكان ئاماژەیان بەو شاڵاوە كردبوو كە هەندێك وڵاتی وەك بەریتانیاو سویدو ئەڵمانیا بۆ ناردنەوەی پەنابەران دەستیان پێكردووە، پرسیارەكە ئەوەیە كە ئایا بۆچی وڵاتانی ئەوروپا كە باس لە مافی مرۆڤ و دیموكراسی دەكەن، بەڵام سەرهەڵگرتووان دەخەنە ژێر گوشارو مافی مانەوەیان پێنادەن‌و بەزۆرەكی دیپۆرتیان دەكەنەوە؟!

هەروەها جێگەی خۆیەتی بپرسین كە بۆچی ئەوانەی لە شاری شاری بەغدادو باشووری عێراقەوە سەری خۆیان هەڵگرتووەو خۆیان گەیاندۆتە وڵاتانی ئەوروپا بڕیاری دیپۆرت كردنەوە نایان گرێتەوە؟!

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە پێویستی بە خوێندنەوە، وردبونەوەو لێكدانەوەی ڕەوشی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی وڵاتان هەیە. هەندێك لە چاودێران پێیانوایە كە وڵاتانی ئەوروپا دووچاری تەنگژەی ئابووری هاتوون، زۆربوونی ژمارەی پەنابەرانیش باری ئەو وڵاتانەی قورستر كردووە، بۆ دەربازبوون لە تەنگژەكە وا دەخوازێ كە هیوا بە دانشتووانی وڵاتەكانیان بدەنەوەو ڕێگە لە داچۆڕانی ئابووری خۆیان بگرن. هەندێكی دیكە هۆكاری دیۆرت كردنەوەی پەنابەران بەتایبەتیش پەنابەرانی عێراقی بۆ خواستی دەوڵەتی عێراق دەگێڕنەوە، پێیانوایە كە حكومەتی بەغداد بۆ خۆی داوای لە وڵاتانی ئەوروپا كردووە كە مافی پەنابەری بە عێراقیەكان نەدەن، چونكە ئەگەر مافی پەنابەریان پێبدرێ، ئیدی خاوەن بڕوانامەكان سەری خۆیان هەڵدەگرن و وڵات جێدەهێڵن، بەوهۆیەشەوە ڕەوشی عێراق بەرەو تەنگژەو قەیرانی جۆراوجۆر دەڕوات، بەڵام نەیارانی حكومەتی بەغداد دەڵێن: ' مەبەست لە دیپۆرت كردنەوەی پەنابەران، ڕادەستكردنەوەی نەیاران و كۆتایی هێنان بەو یاخیبوونەیە كە دژ بە داگیركاری و حكومەتی ئێستا لە ئارادایە!!'

پەنابەران تا ئێستا بەشێوازی جۆراوجۆرەوە نارەزایی خۆیان لەبەرانبەر بڕیاری دیپۆرت كردنەوە پیشانداوەو پێشانی دەدەن، دەیان ڕێپێوان و خۆپیشاندان لە وڵاتانی وەك سوید، فینلاند، بەریتانیا و نۆریژ بەڕێوەچوونە، ئیمزای دەیان سیاسەتمەدار و پەرلەمانتاری ئەوروپا كۆكراونەتەوە، بەڵام ئەو گوشارانە نەیانتوانیوە حكومەتەكانی ئەوروپا لەو بڕیارە پاشگەز بكەنەوە.

زۆرێك لە بەرپرسانی بەڕێوەبەرێتی كۆچبەرانی وڵاتانی ئەوروپا بڕیاری دیپۆرت كردنەوە بۆ ڕێگەگرتن لە بازرگانی كردن بە مرۆڤ و قاچاغچێتی دەگێڕنەوە و دەڵێن:' قاچاغچیەكان و ئەو باندانەی كە بازرگانی بە مرۆڤەوە دەكەن، خەڵكی وڵاتانی ئاسیاو ئەفریكا هەڵدەخەڵەتێنن و دووچاری ڕێگەی مەرگیان دەكەنەوە، بەوهۆیەشەوە سەرمایەكی زۆر كۆدەكەنەوە و باندەكانیان بەهێزتر دەكەن، ئەگەر باندەكانی مافیاش بەهێزبوون ئیدی ئارامی و هێمنایەتی وڵاتانی ئەوروپا دەشێوێ!!'

لە وەڵامی ئەوەی كە بۆچی وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتیش فینلاندو سوید و بەریتانیا پەنابەرانی هاتوو لە شاری بەغدادو باشووری عێراق هاوێر دەكەن و دیپۆرتیان ناكەنەوە، دەگوترێ: ' بەگوێرەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەكگرتووەكان، شاری بەغداد و بەشێكی تری ناوەڕاستی عێراق بە ناوچەی مەترسیدار ناو دەبرێن، بەڵام هەرێمی كوردستان و ناوچەكانی دیكە ئارامن!'

وەڵامەكە ڕاستی تێدا هەیە، بەڵام زۆربەی ئەوانەی كە ئێستا بەرەو ئەوروپا سەر هەڵدەگرن كێشەی سیاسیان نیە، بەڵكو بە دوای ژیانێكی ئارام و باشتردا دەگەڕێن، بەوهۆیەشەوە ناكرێ كوردستانیان هاوێربكرێن و بڕیاری دیپۆرت كردنەوە بەتەنیا لەسەر ئەواندا جێبەجێ بكرێ. مخابن هەندێك ئاماژە هۆكاری دیپۆرت كردنەوەی كوردستانیان بۆ ڕێككەوتنی نێوان حكومەتی هەرێم و حكومەتەكانی وڵاتانی ئەوروپادا دەگێڕنەوە، كە ئەمەش بە نەرێنی لەسەر داهاتووی هەرێمی كوردستان تەواو دەبێ.

**سەربەست كانەبی**

# لە پەراوێزی سەردانی گویل بۆ سوریا

ڕۆژی هەینی ڕابردوو 15ی ئایار، عەبدوڵڵا گویل سەركۆماری توركیا سەردانی سوریای كردو لەگەڵ بەشار ئەلئەسەد سەركۆماری ئەو وڵاتە دا كۆبۆوە.

وەك هەموو كۆبونەوەكانی دیكەی نێوان كاربەدەستانی توركیاو سوریا بۆ ڕاگەیاندنەكان باس لە پەیوەندی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش كرا، بەڵام چاودێران پێیانوایە كە دوایین سەردانی عەبدوڵڵا گویل بۆ سوریا بەمەبەستی بەگوڕخستنەوەی دانوستاندنی نێوان سوریاو ئیسرائیلە، هەندێكی دیكەش پێیانوایە كە ئامانجی سەرەكی سەردانەكەی ڕێككەوتنێكی هاوبەشە بۆ گورز وەشاندن لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستان.

عەبدوڵڵا گویل، بەرلەوەی بەرەو دیمەشق بفڕێ، لە وەڵامی ڕۆژنامەوانێك سەبارەت بە پرسی كورد گوتی: ' لە توركیا كاری نیازپاكانە هەیە، ئومێدەوارم گشت ئەو هەوڵانە ئاكامی باشیان لێ وەبەرهەم بێ، چونكە گشت ئەو پرسانە، گرفت و كێشەی وڵاتی خۆمانن. دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بیری لێ دەكەنەوە و دڵنیام ئۆرگانەكانی دەوڵەت لەو بوارەدا كاری باش دەكەن'

بێگومان ئەمڕۆ توركیا و سوریا وەك دوو وڵاتی دراوسێ و هاوئامانج پێویستی زۆریان بەیەكتریەوە هەیە، بەتایبەتیش لەوەتەی حكومەتی دادوگەشەپێدان پشتیوانی خۆی بۆ فەلەستینیەكان تۆختر كردۆتەوەو پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل سارد كردۆتەوە، هەندێك لە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی عەرەب هاوكاری كردن لەگەڵ توركیا بە پێویست دەزانن، لەو سۆنگەیەشەوە خوازیارن كە پێوەندی باش لەنێوان توركیاو وڵاتانی عەرەبیدا دروست ببێ، هەرچەندە كە خوێندنەوەی دیكەش بۆ ڕەفتارەكانی توركیا هەیە، هەندێك پێیانوایە كە توركیا دەیەوێ براگەورەیی خۆی بۆسەر وڵاتانی ئیسلامیدا بگێڕێتەوە، بۆیە جاروبار باس لە هاوكاری نێوان وڵاتانی ئیسلامی دەكات.

سەردانی گویل بۆ دیمەشق هاوكات بوو لەگەڵ سەردانی ناتانیاهۆ بۆ میسرو ئوردەن و باسكردن لە هاوپەیمانێتی دژ بەئێران، بێگومان گویل مەبەستی بووە سوریا بەرەو هاوپەیمانێتی ڕابكێشێ و لە كۆماری ئیسلامی ئێران دووری بخاتەوە.

هەرچەندە لە سیاسەتدا دۆست و دوژمنی هەتاهەتایی نیە، بەڵام دوورخستنەوەی سوریا لە كۆماری ئیسلامی ئێران كارێكی ئاسان نیە، چونكە لەدوای ڕووخانی پادشایەتی و هاتنە سەركاری كۆماری ئیسلامی هەمیشە دیمەشق پەیوەندی دۆستانەو هاوكارانەی لەگەڵ دا هەبووە، بەردەوامیش هەوڵی بەرەو پێشەوەبردنی داوە، بۆیە وەكو دوو دیوی یەك دراویان لێهاتووەو لەیەكتر جیا نابنەوە.

**سلێمان محەمەد**